کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
31-1-2007 16:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕاگەیاندنی کوردی هاوکاری زانایانی ئایینی ناکات و گلەییشیان لێدەکات ... مەلا جەعفەر گوانی



لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە، ڕاگەیاندنی کوردی بخەمە خانەی سفرەوە، چونکە دیارە چ خزمەتێکی بەرچاو دەکات، بەڵام ئەوەشی ناشارییەوە، کە هەمیشە و هەر کاتێك ڕاگەیاندنەکان قسە لەسەر مەلایانی کوردستان بە گشتی و یەکێتی زانایان بەتایبەتی دەکەن، باس لەوە دەکەن، کە ئەوانە لە بواری نەتەوایەتی کەمتەرخەمن، ئەگەرچی ئەو قسەیان ڕاست نییە، مێژووی زانایانی ئایینی کوردستان، دوژمن پێشی دۆست شاهێدیان بۆ دەدات.

بەڵام ئەگەر ئێستاکەش کەمتەرخەمییەك دەبینرێت، لەبەر ئەوە نییە، کە ئەوان پاشەکشەیان کردوە، بەڵکو هۆیەکەی زیاتر ئەوەیە، کە ڕاگەیاندن بەتایبەتی هیچ هاوکاریان ناکات، نایەوێت دەنگی ئەوان دەر بخات، بەتەماشن گلەییی ئەوەشیان لێبکەن، کە بۆچی ئەوان وەکو مەلایانی شیعە و سووننە خاوەن هەڵوێست نینە، جارێ من قەت لەگەڵ ئەو قسەیە دانیمە، چونکە لەلایەکەوە، مەلایانی ئەوان بچووکترین قسە بکەن، ڕاگەیاندنەکانی خۆیان بەرزیان دەکەنەوە، بەڵام لەلای خۆمان، ئەگەر چەند کاتژمێرێك تایبەت بکرێت تەنها بە گۆرنیبێژێکەوە، بەڵام هەفتانە هیچ کامیان ئامادە نینە، تەنها لە ڕۆژانی هەینی، بۆ ماوەی نیو کاتژمێر یان کەمتر چەند دیمەنێکی ناو وتارەکانی هەینی بگوازنەوە، هەروەها لەلایەکی دیکەوە، مەلایانی شیعە و سووننە خۆیان دەسەڵات و دەوڵەتن، بەتەمای مەلاییکی بێ دەسەڵات لەگەڵ ئەوان بەراورد بکەیت.

دوایین شت، کە هەر ئەویش بووە مایەی نوسینی ئەو بابەتەم، ئەوە بوو، لە کاتی هەڕەشەکانی تورکیا، یەکێتی زانایانی ئایینی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بە هەردوو پارچەکانی (کە نزیکە ببنەوە یەك پارچە) نامەیەکی کراوەیان ئاراستەی سەرەك وەزیرانی تورکیا کرد، وەکو هەڵوێستی زانایانی ئایینی کورد بەرامبەر بەو لێدوان و کۆنگرانەی لەلایەن تورکیا و، خودی سەرۆك وەزیرانیانەوە ئەنجام دەدرێن، کە تێیدا ناڕازیبوونی خۆیان دەربڕی بوو.

ئەوەی من تێبینیم کردمەبەستی ئەو ڕێکخراوە لەوەدا بوو، یەکەمجار جەماوەری کوردستان وشیاری بکەنەوە، کە دەبێت بە ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن، بەرەنگاری هەر هەڕەشەیەکی دوژمن و داگیرکاری ببنەوە، بەتایبەتی کە ئێستاکە بار و کەشی جەماوەری کوردستان زۆر لە دڵەڕاوکێ دایە، بەهۆی نەبوونی بەنزین و نەوت و کارەبا و پێداویستییەکانی دیکەی ڕۆژانەی ژیان.

یەکێتی زانایان بە زمانی حاڵ دەیەویست بەو جەماوەرە بڵێت: هیچ کاتێك نابێت ئەو شتانە لە پارێزگاری کردن لە شەڕەفتان، کە بریتییە لەو ئازادی و سەربەخۆییەی کوردستان سڵتان بکاتەوە.

وەم ئامانجیان ئەوە بوو، کە بە حوکمی ئەوەی (پارتی دادوەری و گەشەپێدان) مۆرکێکی ئیسلامی بۆ خۆی دروست کردووە، ویستیان لەم سۆنگەوە پێیان بڵێن: ئەگەر ئێوە لەو دروشمەتان ڕاست دەکەن، بۆچی حەز بە داگیرکردنی خاك و سامان و وڵاتی گەلێك دەکەن، کە بە درێژایی مێژووتان هەر زوڵم و ستەمتان لێکردووە، دەبوو لە بری ئەوە ئێوە بە زمانی برایانە هاوکاری ئەو هەرێمەتا بکردبایە، کە لە سایەیا هەموو نەتەوەکانی (کورد و تورکمان و کلد و ئاشووری) برایانە وەکو یەك مافەکانیان وەردەگرن، نە دەبوو تورکیا قەت ئەو ڕۆژانەی لە بیر بچووبایە، کە تورکمانەکان لە عێراق بۆیان نەبوو بە زمانی خۆشیان بخوێنن، کەچی ئەمڕۆ سەرباری بوونی نوێنەریان لە پەلەمان و حکومەتی کوردستان، ئەوا خوێندنی خۆشیان هەیە و، بگرە کۆلێژی تایبەت بە خۆشیان هەیە، کە کوردەکان دەچن بە زمانی ئەوان دەخوێنن، ئیدی وەکو هەر کوردێك ئەوانیش حیسابیان بۆ دەکرێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
31-1-2007 16:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بەڵام ئەوەی من تێبینیم کرد، هیوادارم سەرۆکی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتیش بیزانن، ئەوە بوو لەو هەڵوێستەی زانایانی ئایینی و، زۆر باسەکانی دیکەش، راگەیاندنەکانی کوردی، هیچ هاوکارییان نەکردن، جگە لە چەند سایتێکی ئەنتەرنێت نەبێت، ئەگەر ئەوە رای حکومەتیشە و، بەم شێوەیە رێنماییان کردوون، ئەوە شتێکی دیکەیەو، پێویستە یەکێتی زانایان و هەموو زانایانی ئایینی کوردستان تێبگەیەندرێن، تەدەخولی هیچ باس و واسێك نەکەن، بۆ خۆیان با دابنیشن و خەریکی چای خواردنەوە بن، ئەگەریش نا، بۆ لەلایەکەوە گلەیی و، لەلایەکی دیکەش بایکۆت کردن؟!.

J_gwani2005@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.